# ڕستەناسی (سینتاکس syntax)



نووسینی:
شاسوار هەرشەمی

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە بارەی شێوەکانی ڕستە و زانستی ڕستەناسی، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە (سینتاکس syntax) ناسراوە، لکە زانستێکی گەورە و سەربەخۆی زانستەکانی زماناسییە. ڕستەناسی لە زمانی پرۆتۆهیندۆرووپی و زمانە کۆن و کلاسیکییەکانی هیندۆرووپی، لەو سەت ساڵەی دواییدا، بۆتە مەیدانێکی گرنگ و بەبایەخی توێژینەوەکانی زمان. لەڕاستیدا، ڕستەناسی هەر لە سەردەمە زوو و بەراییەکانی پەیدابوونی زانستی لێکۆڵینەوە لە زمانە هیندۆرووپییەکان و، دواتر سەرهەڵدانی زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی، شوێنی شیاوی خۆی گرتبوو. زۆرێک لە لێکۆڵینەوە زووەکان، گەواهیی ئەمە دەدەن. بە داخەوە ئەو بایەخپێدانە، بەو لکە گرنگەی زانستی زمان، بۆ ماوەیەک و بە هۆی هاتنەپێشی مشتومڕ و لێکدانەوەی دی، پشتگوێ خرا. ئەمڕۆ لێکۆڵەرەوانی زمان، لە چەندان ناوەندی زانستی و چەندان وڵاتەوە، دیسان بە گەرموگوڕییەوە خەریکی کارکردنن لەسەر ئەو بوارە.

مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی ڕستەناسی، وا تا دێت بەرفراوانتر دەبێت و زانیاریی تازەش وەگیر دەکەوێت. زۆرێک لە بۆچوونەکان لەو بوارەدا، هێشتا بە بەرەنجامی کۆتایی و جێپەسەندی گشتی، بەلای شارەزایانەوە نەگەیشتوون. هەرچەندە ئەمڕۆ دڵنیاییی تەواو لەسەر ڕاستی و دروستیی زۆرێک لەو بۆچونانە پەیدا بووە. ئێمە نامانەوێ خۆمان بخەینە ناو مەیدانی ئەو مشتومڕ و بۆچونانەی کە لە گۆڤارەکانی زمان، لەسەر ڕستەناسی لە زمانی کۆن و هاوبەشی هیندۆرووپی (PIE) بڵاو دەکرێنەوە. لەم بەشەدا تەنیا تێبینی و سەرنجە بابەتی و بنەڕەتییەکانی بەدەستهاتووی ئەو مەیدانە دەخەینە بەرچاو.

ڕیزبەندیی ڕستە

یەکێک لە پرسە بنەڕەتی و ناوەندییەکانی، دیاریکردن و پێناسەکردنی ساختاری ڕستە لە هەر زمانێک، بریتییە لە بناغەکانی چۆنیەتیی بەدوای یەکداهاتنی وشەکانی ناو ڕستەیەکی واتابەخش. نزیکەی هەموو شێوە و جۆرە زمانێکی مرۆڤ، لەسەر گۆی زەوی (بە جیاوازیی خێزانە زمان و ئاستی گەشەی زمانەکانیشەوە)، لە ڕستەی سەرەکیدا، کە ڕستەی تەواوی واتابەخشە، زمانەکە پێڕەوی لە بەدوای یەکداهاتنێکی چەسپاو و نەگۆڕی جۆرەکانی، یان بارەکانی وشە دەکەن. ئەم بەدوای یەکداهاتن و ڕێزبەندبوونەی وشە، جۆرێک لە پەیوەندیی ڕێسداری نێوان وشەکانە لەو زمانەیەدا. پەیوەندییەکە بەوە دەناسرێتەوە، کە زوربەی جارەکان، بریتییە لە پەیوەندی لە نێوان سێ جۆرە سەرەکییەکەی وشەی ناو زمان، جا هەر زمانێک بێت. بە زمانێکی ڕوونتر، بریتییە لە پەیوەندی لە نێوان بکەر (S)و کردار (V) و کارلەسەرکراو، یان (بەرکار). ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕێزمانییەی لە نێوان بکەر و کردار و بەرکار هەیە، بەگوێرەی بارێکی نەگۆڕ و هەمیشە دووپاتبووەوەی بەدوای یەکداهاتوو، لە ڕستەدا پێناسە کراون. ئەمەشە کە وا دەکات بتوانین بە ئاسانی هەموو زمانەکانی سەر گۆی زەوی، بە گوێرەی ئەو بەدوای یەکداهاتنە، پۆلێن بکەین. بارەکانی جێگۆڕکێ پێکردنی سێ جۆرەکەی سەرەوەی وشە، ئەمەندە ئاڵۆز نییە تا پێویستی بە وردەکاریی زۆر هەبێت. هەر بۆ نموونە ئەو زمانانەی کە لە ڕستەیەکی واتابەخشدا، بکەر و بەرکار، ئینجا کرداریان بە ڕیزە بەدوای یەکدا دێن، هەمیشە ڕستەکانیان بەو جۆرە دەبێت. زمانی ئاوا، بۆ جیاکردنەوەیان لە دوو شێوەکەی دی، کورتکراوەی پیتە لاتینییەکانی سەرەوەیان، بۆ کردار و بکەر و بەرکار ، هەر بە هەمان ڕیزبەندیی ناو ڕستەکە بۆ بەکار دێت. ئەو زمانەی ڕستەی واتابەخشی وەک ئەو نموونەیەی سەرەوە بێت، واتا بکەر، بەرکار، ئینجا کردار بێت، ئەوا پێیان دەڵێین زمانەکانی .(SOV) وەک لە زمانی کوردی، کە بە گشتی هەمان ڕیزبەندیی سەرەوەی هەیە. بۆ باشتر ڕوونکردنەوە، سەیری نموونەیەکی باوی ڕستەی کوردی دەکەین:

ئازاد نان دەخوات.

ئازاد، بکەرە (S)، نان، بەرکارە (O)ە و، دەخواتیش، کردارەکەیە (V).

لە هەندێک زمانی دیی دەرەوەی خێزانە زمانی هیندۆرووپیشدا، ئەو جۆرە ڕیزبەندییەی سەرەوە دەبینین، کە زمانی کوردی پێڕەویی لێ دەکات. بۆ نموونە وەک لە زمانەکانی ژاپۆنی و تورکی. بە هەمان شێوە دەستەیەکی دیی زمانان هەن، کە

بە شێوەی (SVO) پۆلێن دەکرێن. واتا یەکەمجار بکەر و، دوای ئەوە کردار، ئینجا بەرکار دەکەوێتە دواوەی ڕستەوە. لەو زمانە ناسراوانەی کە بەمجۆرەن، دەکرێت ئینگلیزی ناو بەرین. لە ڕاستیدا زوربەی هەرە زۆری زمانە هیندۆروپپیەکانی، ئەورووپای ڕۆژاوا لەو شێوەیەن. جۆرێکی دیی ڕێزبەندبوونی وشەکان، بریتییە لە ڕیزبەستن بە شێوەی (VSO). لە ڕستەی واتابەخشی ئەو جۆرەیاندا، کردار لە سەرەتای ڕستە دێت، ئینجا دوای ئەوە بکەر و بەرکار دێن. لەو زمانە هیندۆروپییانەی کە ئەو جۆرە ڕیزبەندییەیان هەیە، دەکرێت پەنجە بۆ زمانە کێلتییەکان ڕابکێشین. بۆ نموونە لە زمانی گالی ڕستەی لەو جۆرە دەبیندرێت. نموونەیەک لە ڕستەی گالی chunnaic mi sin: کە ڕستەیەکی واتابەخشە، ئەگەر وشەکانی لە شوێنی خۆی دابنێینەوە و بیکەینە کوردی، ئەوا وای لێ دێت: (دیتم من ئەمە). ئەگەر هەمان ڕستە، بەگوێرەی ڕیزبەندیی وشە لە کوردی بنووسینەوە، ئەوا دەبێتە: (من ئەمەم دیت). ئەم جۆرە ڕیزبەندییەش لە زمانانی دیی دەرەوەی خێزانەکەش هەیە. زمانی عارەبیش، یەکێکە لەو زمانانەی، کە وشەکانی بە شێوەی (VSO) ڕیزبەند بوون. ئەو سێ شێوە ڕیزبەندبوونەی لە سەرەوەدا لێیان دواین، واتە (SVO)، (SOV) و (VSO)، نموونەیان لە زۆر زمانی سەر گۆی زەوی دەبیندرێت، بۆیە بە بارە ئاساییەکانی ڕیزبەندبوونی وشە، لە ناو ڕستە دادەندرێن. هێشتا بارێکی دیی ڕیزبەندبوونی وشە ماوە، کە لە سیانەکەی دی کەمتر بەرچاو دەکەوێت. لە ڕاستیدا زۆر دەگمەنیشە. لەو ڕیزبەستنە دەگمەنەی وشەی ناو ڕستەی واتابەخش ، وەک باوە کە بەرکار لە پێشەوەی ڕستەدا بێت. دوای بەرکاریش گریمانەی هاتنی هەر دوو، بکەر لەدوای بەرکارەکە، یان کردار لە دوای بەرکارەکە هەیە. چونکە هەردوو جۆرە زمانەکە، نموونەیان لێ دۆزراوەتەوە و هەن. ئەگەر بکەر لەدوای کردار بێت (OSV)، وەک ئەوە وایە گەر بڵێین (نان من دەخۆم). بارەکەی دیش بریتیە لە (OVS)، واتا کردار دوای بەرکار دێت. وەک بڵێین (نان دەخۆم من) کە پێچەوانەی ڕستەی باوی کوردییە (من نان دەخۆم). ئەو دوو جۆرە زمانانەی کە شێوە ڕیزبەندییەکانی سەرەوەیان هەیە، وەک گوتمان هەن، بەڵام زۆر دەگمەنن. بۆ نموونە لە ناوچەیەکی چڕە دارستانی جەنگەڵستانی ئەمازۆن، لە وڵاتی بەرازیل، زمانی hixkaryana ) ، هیکسکەریانە ) ئەو شێوە وشە ڕیزبەندی یە دەگمەنەی لە ڕستەدا هەیە. (هەر ئەو کەمی و دەگمەنی گوێبیست بوونمان، بەو زمانانەی کە شێوەی بەدوای یەکداهاتنی وشەی ناو ڕستەیان لەو جۆرەیە ، وایکردووە ، ئەو شێوازە ناوازەیەی دوان و ئاخاوتن، لە زنجیرە فیلمی بەناوبانگی (ستار – تریک ،(star-trek ، واتا کلینگۆن بەکاربهێندرێت .

زوربەی هەرە زۆری زمانە هیندۆروپپیە کۆن و کلاسیکیەکان، کە بەرهەمی نوسراویان لە پاش بەجێماوە، بەوە دەناسرێنەوە کە ڕیزبەندی وشە لە ڕستەی واتا

بەخشیاندا، بە شێوەی ( بکەر – بەرکار – کردار ) دایە، واتا وشەکان بە شێوەی ) (SOVهەڵکەوتوون. واتا ڕیزبەندی وشەکانی ڕستە لە زمانە هیندۆروپیە کۆنەکان، بە هەمان ئەو شێوەیە بووە، کە ئەمڕۆ لە زمانی هاوچەرخی کوردیدا باوە. ئەو شێوەیەی کە ئاماژەمان پێدا، هەمان شێوەی بەدوای یەکدا هاتنی وشەیە، لە زمانەکانی سانسکریتی، ئاڤێستایی، گریکی و لاتینی، تا دەگاتە سەر کۆنترین زمانی ناسراوی هیندۆروپیش بۆ ئێمە، کە زمانی هیتیە. ئەو شێوە وەک یەکەی ڕیزبەندی وشەکان لە زمانە کۆنەکان، وای لە لێکۆڵەرانی ئەو بوارە کردووە تا وایدابنێن، کە هەر ئەو شێوەیەی، بەدوای یەکدا هاتنی " بکەر – بەرکار، ئینجا کردار ،(SOV ) ، دەبێ لە زمانی کەونارای پرۆتۆهیندۆروپیشدا، شێوەی هەرە باوی ڕیزبەستنی وشەکان بووبێت، لە ڕستەی واتا بەخشدا. دەبێ لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە من بۆچی هەمیشە دەنوسم، شێوەی "هەرە" باوی ڕیزبەستنی وشە، لە جیاتی شێوەی ڕیزبەستن لەو زمانانەدا. دیارە مەبەستم ئەوە بووە کە، لەو زمانانەدا، شان بە شانی شێوە باوەکە، شێوەی دیش تاک و تەرا بیندراون و هەبوون. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە لە دەقە نوسراوە بەجێماوەکانی، زمانە کلاسیکیە هیندۆروپیەکان، کەمو زۆر لادان لەو شێوە بەدوای یەکدا هاتنە گشتیە هەبووە، بە قازانجی شێوەکانی دی ڕیزبەند بوونی وشە. توێژەرەوان دوای لێکۆڵینەوە لەو ڕستە کەمانەی کە لادانیان تێدا تۆمار کراوە، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە لادانەکان بۆ سەر شێوەیەکی دی ڕیزبەند بوونی وشە، هەروا بە ڕێکەوت و باشتر گونجان نەبووە، بەڵکو بە ئاشکرا، هۆکار و مەبەست لەو لادانانە دیارە، کە جەخت کردن بووە، بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بە گوێی بیسەر. بۆ نمونە لە کاتێکدا کە ویستراوە، ویستێک یان توخمێکی تایبەت، لە ڕستەدا زەق بکرێتەوە و بخرێتە پێش. کاری لەمجۆرە لە چەندان ڕستەی کۆن دەرکەوتووە . هەروەها هۆکاری ناسراوی دیش هەبوون، وەک بایەخ دان بە باری ڕەوانبێژی دەق. یان پێڕەوی کردن لە بارێکی تایبەتی جوانسازی ڕستە، تەنانەت داڕشتنی دەقیش بە شێوەی هۆنینەوە، یان پێڕەوی کردن لە کێش و سەروا ، هەمووی لە دەقە کۆنەکان و لەو لادانانەدا تێبینی کراون. ئەگەر نمونەیەکی باوی مەبەست دەربڕین لە ڕستەیەکی زمانی لاتینی ئەزمون بکەین، وەک ڕستەی: "بروتوس قەیسەری کوشت"، کە بە لاتینی دەبێتە"Brutus Caesarem occidit " ، دەبینین ناوی بکەرەکە کە (بروتوس)ە، لە پێشەوە هاتووە، ڕاستەوخۆ بەدوای بکەریش، بەرکار هاتووە (بە نیشانەی ناسراوی ئەکوساتیڤی هیندۆروپی "em - " ەوە، لە کۆتاییشدا، وەک چاوەڕێ دەکرێت، کردار هاتووە. وەک لە ڕستەکەدا دەردەکەوێت، جەخت لەسەر ئاشکرا کردنی ناوی بکوژەکە (بروتوس) کراوەتەوە. بەڵام کوژرانی قەیسەر هەواڵی سەرەکیە. ئەگەر هەر لە هەمان پێکهاتەکانی ڕستەی پێشودا،

بمانەوێت جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە، ئەوە قەیسەرە کوژرا، ئەو کاتە ناچار دەبین ڕێکخستن و ڕیزبەندی وشەکان بەو شێوەیە لێبکەین Caesarem Brutus " : occidit". ئەمەش بە کوردیەکەی، ڕێک دەبێتە " قەیسەر بوو بروتوس کوشتی ". تەنانەت دەکرێت هەر هەمان ڕستەی سەرەوە بەو شێوەیەی خوارەوەش ڕیزبەند بکرێت و واتای تەواویش ببەخشێت " Caesarem occidit Brutus " یان " قەیسەری کوشت بروتوس ". دیارە لەو ڕستانەی سەرەوەدا هەموو، لە یەک ڕووداو و بابەت دەدوێین، بەڵام جەخت کردنەکان جیاوازن. ئەوەی دەزانێ قەیسەر کوژراوە، بەڵام وێڵی ئەوەیە کە بزانێ کێ کوشتویەتی، ئەوا شێوەی ڕستەی یەکەمی ئاراستە دەکرێت. ئەوەش کە دەزانێ بروتوس کەتنی کردووە، بەڵام نازانێت قوربانی دەستی وی کێیە، ئەوا ڕستەی دووەمی ئاراستە دەکرێت. ڕستەی سێیەمیش جەخت لەسەر گەورەیی کردارەکە (کوشتنەکە) دەکاتەوە، کە لەوانەیە سەرەنجامی مەترسیداری لێبکەوێتەوە. بۆ هێشتا باشتر دەرخستنی شێوەکانی جەخت کردن، بە گۆڕینی ڕیزبەند کردنی وشەکان، دەتوانین نمونەی خۆماڵیش بێنینەوە: دوێنێ بارانێکی بەخوڕ دایکرد.هەروەها: بارانێکی بەخوڕ دوێنێ دایکرد. دیسان:دوێنێ دایکردە بارانێکی بەخوڕ. لە هەر یەکێک لەو سێ ڕستەیەی سەرەوەدا، جەخت لەسەر ئەو بەشەی ڕستەکە کراوە کە بە تۆخی نوسراوە. بەمجۆرە دەبینین و بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرەڕای باو بوونی شێوەیەکی تایبەتی ڕیزبەند بوونی وشە، لە ڕستەی واتابەخشی زمانێک، وەک لە باری کوردیدا، کە بریتیە لە(SOV ) ، بەڵام ئاخێوەرانی ئەو زمانە، پێویستیان بەوە نەبووە تا کۆیلە ئاسا، خۆیان و زمانەکەشیان، ملکەچی ئەو ڕێسا زمانیە باوانە بکەن و بە مو لێی لانەدەن .

دەرکەوتەی هەرە زەق و دیار و چەسپاو ، لەو گۆڕینە ئاسانەی ڕیزبەندی وشە لە ڕستەی زمانەکاندا، ئەمەیە کە باری، یان کاسوسی پاشبەندەکە، لە هەر سێ شێوەی ڕستەکەدا، بە گۆڕانی شوێنی هەڵکەوتنیشیان، هەر بەردەوام دەبێت لە دەرخستنی ڕۆڵی وشەکە لە ڕستەدا. وەک لە سێ جۆرە ڕستەکەی لاتینیدا وشەی Caesarem ) (لە هەر سێ ڕستەکەدا ، لە باری ئەکوساتیڤ ( بەرکار ) دا ماوەتەوە. لە نمونە کوردیەکەشدا ، وشەی (بارانێکی) لە هەر سێ ڕستەکەدا، لە یەک باردا ماوەتەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئاخۆ وشەکە دەکەوێتە کوێوەی ڕستەی سەرەکی. دەکرێت بە گشتی بیر لە نمونەیەک لەو جۆرە بکەینەوە، کە لە سەرەوە لێیدواین، بۆ بەدوای یەکداهاتنی وشەی ڕستەی سەرەکی بە شێوەی (SOV ) لە زمانی PIE دا، کە زمانی هەرە بەرایی هاوبشی هیندۆروپیان بووە. بەڵام وەک دەرمانخست، لە کاتی پێویستیشدا، بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانە لواوە، تا لە کاتی پێویست بووندا، لە ڕێسا گشتیەکە دەربچن. ئەوەی لێرەدا دەتوانین جەختی لێبکەینەوە ئەوەیە کە، زمانی

کوردی هەر وەک چۆن لە لێکۆڵینەوە و بابەتی دیماندا دەرمانخستووە، لە پاراستنی وشە و دەنگی کۆنی پرۆتۆهیندۆرووپیدا، ڕەسەن و کۆنەپارێز بووە، لە ڕیزبەنکردنی ڕستە و گۆکردنیشدا، بە پێچەوانەی زمانە هیندۆرووپیە ناسراوەکانی ئەمڕۆ ، هەر پێڕەوی لە زمانە هاوبەشە کۆنەکەی پرۆتۆهیندۆرووپی و، زمانە کلاسیکیەکانی وەک سانسکریتی، ئاڤێستایی، گرێکی و لاتینی دەکات .

جگە لەو ڕێسا گشتی و ناسراوانە، لە زمانە هیندۆرووپیە ئەنادۆلیەکاندا (هیتی، لوڤی، لەکی)، هێشتا سیستەمێکی دی تایبەتیش لە ڕستەسازیدا هەبووە. لەو سیستەمەدا، بکەر و بەرکار ، یان هەر یەکەو بەجیا و بە سەری خۆی، وەکو پاشگرێکی پێوەشۆڕبووەوەی، یەکەم وشەی ناو ڕستەکە دەردەکەون. ئەو یەکەمین وشەیە، زۆر جاران بریتی بووە لە وردە وشە، یان پارتیکلێکی بێ واتا، یان واتا و مەبەست نادیار. وەک لە دەربڕینی هەرە باوی سەرەتای ڕستەی هیتی n – at - mu ) ، ن – ئەت – مو ( دەردەکەوێت، بە واتای ( هەنوکە – ئەوان – من). ئێمە زووتر و لە لێدوانمان لەسەر وردە وشەی هەنوکە، لە دیاردەی دەرکەوتنی وشەکە لە سەرەتای ڕستە لە زمانی هیتی، دواین (گوتارێکی جیاو سەربەخۆیە). ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پتر لێی قوڵبینەوە. وا پێدەچێت ئەم شێوەیەی ڕستەسازی، تا ڕادەیەک دیاردەیەکی بەربڵاو بووبێت. ئێمە ساختاری ڕستەی لەو شێوەیەی هیتیمان، لە ئیرلەندی کۆنیشدا بینیوە. وەک لەو ڕستەیەی ئیرلەندی کۆندا no – m - chara ) ، نۆ – م چارە ( کە ئەگەر وەکو خۆی بیکەینەوە کوردی، ئەوا بەمجۆرەی لێدێت (هەنوکە – منم – ئەو خۆشی دەوێت). ڕستەکە بە ساختاری زمانی خۆمان، دەبێ بریتی بێت لە ( هەنوکە ئەو منی خۆشدەوێت). لە هەردوو ڕستەکەی، هەردوو زمانی سەرەوەدا ( هیتی و ئیرلەندی )، توشی وشەی لێرەدا ناگرنگ و واتا نەبەخشی -n) ، (no- یان ( ن - ، نۆ - ) دەبینەوە کە لە پێشەوەی ڕستەدا هاتوون. خودی وشەکان لە هەردوو باردا، واتای (نوکە ، هەنوکە ، ئێستا ) دەدەن. وەک بە ڕوونی دەردەکەوێت، واتای دوو وشەکە لە ڕستەدا مەبەست نەبووە. کەواتە ئەرکی هەردوو وشەکە لە ڕستەدا، تەنیا پڕکردنەوە و گرتنی شوێنی یەکەمە لە ڕستەدا. لە زمانی کوردیدا، نەریتی نوسینی کۆن، یان پاراستنی نوسینی کۆنمان نیە و، نوسینەکانمان تەمەنیان لەوە کورتترە، تا وەکو بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوە سودیان لێوەربگرین. بەڵام دەکرێت لە هەندێک باردا، پەنا بۆ دەربڕین و قسەکردنی خەڵک بەرین. من لێرەدا بە پارێزەوە ئاماژە بۆ چەند دەربڕینێک دەکەم لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک، کە ڕستەکانیان بە ( هەنوکە ، هەنکوە ، ئێستا ) یان شێوەکانی دی ئەو وشەیە، دەست پێدەکەن، بەڵام بێ ئەوەی بکەر و بەرکاریان پێ بووبێتە پاشبەند. وەک: هەنوکە چیت دەوێ ؟. هەنکوە چیت دەوێ؟. یان هەنوکە دڵم داکەت!. هەنوکە بزانم بۆ وادەکەیت؟ و نمونەی زۆری دیش. لەو ڕستانەی سەرەوەدا،

واتای ( هەنوکە ، ئێستا ) هیچ ڕۆڵێکی لە خواست و مەبەستی ڕستەکەدا نیە و دەکرێت بە لادانیشی هەمان مەبەست دەرببڕێت .

ڕستەی ناتەواو ، یان پاشکۆ ( گوزارە )، لە زمانی پرۆتۆهیندۆروپیدا، بابەتێکی سەربەخۆ و جیاوازە. وەک ئێمە ڕاهاتووین ، لە ڕستەی گوزارەدا ، یان ( predicate) واتاکە وابەستەیە بە بەشی نیهادی ڕستەکە ، کە بکەر یان ( subject ) ی تێدایە. باری ڕستەی لەوجۆرە لە زمانی پرۆتۆهیندۆروپی بە گشتی، تا هەنوکەش ناڕوونی زۆری تێدایە. یەکەمین تێبینیەک لەمبوارەدا ئەوەیە کە زمانی PIE و زمانە کلاسیکیەکانی نەوەی ئەو زمانە، بە شێوەیەکی گشتی، زۆر بە کەمی ڕستەی گوزارە، یان ڕستەی وابەستەیان تێدا بیندراوە. لە زمانە کۆن و کلاسیکیەکانی هیندۆروپیدا، زۆر ئاسایی بووە کە ڕستەی وابەستە و پاشکۆ ، بە شێوازی جۆراوجۆری وەک ڕستەی کورتکراوە ، باری وەسفی و شتی دی لەوجۆرە، چارەسەر کرابن. تێبینی ئەوە کراوە کە لە زۆرێک لەو زمانە کۆنانەی هیندۆروپیدا، بۆ دیاری کردنی ڕستەی وابەستە، سود لە بار و شێوە و گەردانبوونەکانی کردار وەرگیراوە. ئەو سود وەرگرتنە، بە شێوەی (مەرجی، کۆنجونکتیڤ[1]) و باری (هیوا خوازی ، ئۆپتاتیڤ[2]) دەبیندرێت. هێشتا نادڵنیاییەکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە ئاخۆ، ئەم سیستەمەی ساختاری ڕستەی گوزارە، کە ئێمە بەو شێوەیەی لە سەرەوە لێیدواین، لە زمانە کۆنەکاندا بینیومانە، دەبێ تا سەر زمانی PIE بگەڕێتەوە، یان لەو زمانە بە جۆرێکی دی جیاواز بووە.

کۆتایی

[1] (کۆنجونکتیڤ konjunktiv): زاراوەیەکی لاتینییە، واتا مەرجی. بارێکی گەردانی کردارە کە دەربڕی دەرفەت و دەرەتان، تکا یان سـوووربوون و پێداگرتنە لەسـەر کارێک. وەک لە نموونە دەریڕینە باوەکانی "خوا بتپارێزێت. بمرێ زۆردار. خوا هەڵنەگرێ. هەر دەچم. دەروویێکم لێ کراوەتەوە" و زۆر دەربڕینی دی لەو جۆرەش.

[2] (ئۆپتاتیڤ optativ): ناوەکە لە وشەی لاتینی opto هاتووە بە واتای خۆزگە. بارێکی گەردانبوونی کردارە، کە شتی لە بابەتی هیوا و خۆزگە و ئاوات دەردەخات. وەک دەخوازم. تۆ بڵێی. دەبا. دەکرا ...